کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 17:47 6-4-2007

## تاکەی ئاگربمان سووتێنی... !!! کەوگەز چۆمانی

مرۆڤ لەگەڵ گۆرانکاریە سەردەمیەکان زۆر جار بەوهیوایە یە گرفتە کۆمەڵایە تی و بی بایەخەکان



یەخەی بەربدات و بتوانی لە کۆمەلگایەکی ئارام و پێشکە و تودا گوزەربکات، زۆرجاریش بۆدەربازبوون لەوهەلسوکەوت و هۆکارە تەقلیدیانەی کەرێگرە لەدەربرینی هەست و ناخی مرۆڤەکە، دەبێتە هۆکارێك بۆئەوەی ئەم مرۆڤە خۆی لەوکۆمەلگایە نەجات بدات و بچێتە کۆمەلگایەك کە ئارام و خۆشگوزەرانبێت و لەوی چەتری ئارەزووەکانی خۆی هەڵبدات... !!

لێرەدا ئەوەی بەپلەی یەکەم دووچاری دەبێت گەنجی وولاتەکەمانە..
ئەویش من دەیگەرێنمەوە بۆ ئەو بیرە کۆنە ی کە لەپێشینەوە لە هەست و ناخی بەشێکمانەوە داماوەتە وە وبەنێو بەشێك لە تا کەکانی کۆمەلگاکەمان تەشەنەی کردووەو رۆژنە کارە سات بەدوای کارەسات لە دوای بە دوایخۆیدا جێدێلی، ئەوە سەرەرای دوودڵی کەپەنگی خواردۆتەوە لەجەستەی بەشێك لە گەنجەکانمان. ! دە رباز بوونیش لەو دوودڵیە ناچاردەبێت پەنابۆچەندین شێواز ببات کە رەنگە بەشێکیان گاریگەری خراپی هەبێت لەسەر داهاتووی ئەو گەنجە و بەکۆتایی هێنان بەژیانی خۆی، ئارەزووەکانی خۆی لەگۆردەنێت جاچ بە خوکوشتن بێت یاخود شێوازەکانی تر لەهەمووشیان باوتر سوتانە.. !! رۆژی شەممە کچێك خۆی سوتاند بەناوی (گۆنا) جونکە ئەو کەسەی خوشی دەویست پەیوەندی تری هەبوو... !! بەتەمایە خۆی سوتاو بکان چونکە باوکی نایەوێت بیدات بەو کورەی کە کچەی خۆشی دەوێت... !! کورەش دەڵی ئەرکی خۆم بەجێگەیاند و10 جار خوازبینی کچەم کردوە، ناشمەوێت بیکەمە 11 جار... !! (هاوکاریش) وازی لەکەپلەکەی هێناچونکە ئەترافی کچە قسەو قسە لۆکی بەدواوە ئەکرا کەلەناو کۆمەلگاکەمان پێی دەوترێت پەو پێیەی کە خیزانێکی شەریف نین..
!! دەپرسم ئەی شەریف کی یە.. !!

هەمووومان خۆمان لاشەریفە ونیوەشمان بەئاگری یەکتریەوە سوتاوین چونکە ناتوانین درۆبکەین و هەمیشە راست قسە دەکەین.. !! باشە ئەگەر راست قسە بکەین ئەی بۆ کومەلگاکەمان رۆژانە رووبەرووی دەر دەسەری لەو جۆرە دەبێتەوە... !!!

نازانم لە (ئەلفەوە) دەست پی بکەم یان (با) یان (جیم) .... !!.. ؟؟

بەشی هەرە زۆری کورانی کومەلگاکەمان ئەیانەوێت کچێك بکەنە هاوسەریان کەڕابردووی بەهیچ داوێکی خۆشەویستی تێنەپەڕاندبی! بەلام لەگەڵ ئەوە شدا ئامادەین هەریەکێکمان سەدان کچ بخەینە نێو داوی خۆشەویستی و چەندان داوی بۆدابنێینەوە بۆتێر کردنی خەرەزی سێکسی خۆمان... !دواتر بە ووشەیەك ودوان بەرێی بکەین.. !!

ئەمانەو چەندانی تر کەخۆم ئاگاداریانم بشبورن کەبەکورتی خستمە سەر کاغەزەکە... !!

زۆربەمان یاخین لەو کومەلگایە و بازرگانیش بەچارە نووسی زۆربەمان دەکرێت بەبی ئەوەی درکی پێبکەین و بیزانین!!! باشترنیە بینەوە سەرخۆمان وئاورێك لە نەهامەتیەکانی خۆمان بدەینەوە.. !
تاکەی ببین بەقوربانی و دیل و سوتاوی عەقلیەتی پیری، بۆچی ئاگربمان سوتێنی هەروەك سەدان گەنجی سوتاوکرد... !!!.. !!

تێبینی / ناوەکان خوازراون

kawgaz_chomane@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.